**یاسا و ڕێساکانی Espoon Asunnot (خانووی تراسدار و خانووە هاوشێوەکانی)**
ئەم ڕێسایانە بە مەبەستی بەدیهێنانی بارودۆخی ژیانێکی هێمن و ئاسوودە بۆ دانیشتووانی بیناکە دانراون. هەمووان دەبێ بە جۆرێک ڕەفتار بکەن کە ڕێزی دانیشتووانی تری بیناکە بگرن. هەموو دانیشتووان دەبێ دڵنیا بن کە میوانەکانیشیان پابەندی ئەم ڕێسایانە دەبن.

**ڕاگەیاندنی گواستنەوە**
گەر دەتهەوێت شوقەکەت بگۆڕیت یان لەوێ بڕۆیت، پێویستە ئەم بابەتە بە نووسینگەی تۆمارکردنی ناوچەکە و هەروەها بەشی خزمەتی مشتەری لە ناوەندی خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی مڵک و ماڵ ڕابگەیەنیت.

**شوێنە هاوبەشەکان**
دەرگاکانی پێشەوەی شوێنە هاوبەشەکان دەبێ لە کاتژمێر 9:00 ی پاش نیوەڕۆ تاکوو 7:00 ی بەیانی دابخرێت. پاش هاتنە ناو شوێنە هاوبەشەکان دەبێ خۆ بپارێزیت لە دەنگەدەنگ و مانەوەی بەئەنقەست و هەروەها جگەرەکێشان لەم شوێنانە قەدەغەیە. ڕێگەی تێپەڕینی شوێنە هاوبەشەکان و حەوشە دەبێ کراوە بێت و بەخاوێنی و ڕێکوپێکی بپارێزرێت. بە مەبەستی ڕەچاوکردنی ڕێنمایی سەلامەتی لە هەمبەر ئاگرکەوتنەوەدا دەبێ شتەکان تەنیا لە شوێنی دیاریکراودا دابنرێن. بۆ نموونە ناکرێ گالیسکەی منداڵ و پاسکیل لە بۆشایی پێپلیکانە دابنێیت. ناکرێ پاسکیلی کارەبایی و ئامێرەکانی تری گواستنەوەی ماتۆڕی لە شوێنە هاوبەشەکان دابنێیت. دانانی تابلۆ و ڕێکلام قەدەغەیە. ئانتەن دەبێ تەنیا بە پێی ڕێنماییەکانی **Espoon Asunnot دابنرێت**. نابێ لە بەر دەرگای چوونەناوەوەی شوقە مۆکێت دابنرێت.

**ژووری جلشۆردن**
دەبێ یاسا پەیوەستەکانی ژووری جلشۆردن کە لەلایەن بەرپرسی موڵکەکانەوە دادەنرێت ڕەچاو بکرێن. ژووری جلشۆردن پاش بەکارهێنان دەبێ خاوێن و ڕێکوپێک بێت و کەسەکە دەبێ دڵنیا بێتەوە کە هەموو ئامێرە کارەباییەکانی کوژاونەتەوە. شۆردنی فەرش لە جلشۆردا قەدەغەیە. جلوبەرگی شۆردراو دەبێ دەستبەجێ پاش وشکبوونەوە لە ژووری وشککردنەوە ببرێتە دەرەوە. فیلتەری شاشی جل وشککەرەوە دەبێ پاش هەرجار بەکارهێنان خاوێن بکرێتەوە.

**بەڕێوەبردنی زبڵ و پاشەڕۆک**
دەبێ پاشەڕۆکی ناوماڵ و هەر جۆرە پاشەڕۆکێکی تر لە یەک جیا بکرێنەوە و بە پێی ڕێنمایی جیاکردنەوە بخرێتە ناو زبڵدانی دیاریکراو. کرێچیەکان دەبێ فڕێدانی پاشەڕۆکی تر لەوانە موبیلیاتی خۆیان لە ئەستۆ بگرن. پاشەڕۆکی مەترسیدار وەکوو پاتری، دەفری بۆیە و دەرمان دەبێ ببردرێتە ئەو بنکەی دوبارە بەکارهێنانەی کە HSY دەستنیشانی کردووە.

**گەراج**
ڕاگرتنی سەیارە تەنیا لە گەراجی بەکرێگیراو و دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستە ڕێگەپێدراوە. کرێچی تەنیا دەتوانێت سەیارەی خۆی لە شوێنی تایبەت بە خۆیدا ڕابگرێت و تەنیا لە ناوچە دیاریکراوەکاندا سەیارە ڕابگرێت. سەردانکەران تەنیا دەتوانن بۆ ماوەیەکی کورت سەیارەکانیان لە ناوچە دیاریکراوەکاندا ڕابگرن. گەراجەکان تەنیا بۆ ئۆتۆمبیل و ماتۆڕ لە بەرچاو گیراون. هەڵکردنی سەیارە لە کاتی ڕاگرتن و وەستاندندا قەدەغەیە. ئەگەر سەیارەی پەککەوتە و کۆنە یان پارچەی سەیارە لە گەراجدا دابنرێت، خاوەنەکەی بەرپرسیار دەبێت لە دانی تێچوونی پەیوەندیدار بە فڕێدان و/ یان زیانێک کە بە ژینگە گەیشتبێت. بۆ پاراستنی سەلامەتی و ئاسوودەیی، دەبێ کەیبڵی هیتەری سەیارە پاش هەر بەکارهێنانێک لە پلاکی کارەبا دەربهێنرێت و دەبێ سەرپلاکەکە قوفڵ بکرێت. ڕاگرتنی بەردەوام لەو شوێنی قەدەغەکراودا ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی گرێبەستی بەکرێدان (دادگای باڵا: 1997:85).

**شوقەکان**
هەر کردار و ڕەفتارێک کە ببێتە هۆی بێزارکردنی دراوسێکان قەدەغەیە. کاتژمێری حەسانەوەی شەوانە بۆ دراوسێیەکان 10ی شەو تاکوو 7ی بەیانییە. پاراستنی شوقە پێویستە. پێویستە دزەکردنی ئاو، هەر جۆرە زیانێکی پەیوەست کە لەوانەیە لە شوقە

یان شوێنە هاوبەشەکاندا بدۆزرێتەوە، دەستبەجێ بە کۆمپانیای چاککردنەوە و سیانە ڕاپۆرت بدرێت. فڕێدانی پاشەڕۆکی تر کە دەکرێ ببێتە هۆی گیران و/یان زیانگەیاندن بە ئاودەست و بۆری ئاوەڕۆ، قەدەغەیە.

**حەوشەی شوقە**

کرێچی ئەرکی ئەوەی هەیە شوێنەکانی دەرەوەی سەر بە شوقەکە بە خاوێنی و ڕێکوپێکی بپارێزێت و هەروەها دەبێ کارەکانی ڕێکوپێککردنی سەوزایی و لابردنی بەفر ئەنجام بدات. (سەیری مەرجە نووسراوەکانی ناو گرێبەستی بەکرێدان بکە.) خخۆرکا دان بە ئاژەڵی درەندە قەدەغەیە. دروستکردنی مەحجەرە، ماڵی یاری و هتد، بەبێ ڕێگەپێدانی خاوەن موڵک قەدەغەیە. دانانی جلوبەرگ لەبەر هەوا و هەروەها وشککردنەوەی جلوبەرگی شۆراوی بچووک لە حەوشەی شوقەدا ڕێگەپێدراوە. تەکاندنی فەرش و چەرچەف تەنیا لە شوێنی تایبەتدا کە بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە، ڕێگەپێدراوە.

**باڵکۆن(هەیوان)**

تەکاندنی فەرش و چەرچەف لە باڵکۆنی شوقەدا قەدەغەیە. تەکاندن و سڕینەوەی تۆز تەنیا لەو شوێنانەدا ڕێگەپێدراوە کە بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراون. دانانی جلوبەرگ لە بەر هەوا و هەروها وشککردنەوەی جلوبەرگی شۆراو بە مەرجێک ڕێگە دراوە کە تەنافی جلەکان نزمتر لە مەحجەرەی باڵکۆن بێت. شۆردنی باڵکۆن بە ئاوی ڕەوان قەدەغەیە. کەباب‌کردن و چێشتلێنان لە باڵکۆن قەدەغەیە. پێدانی خواردەمەنی بە ئاژەڵی دڕندە لە باڵکۆن و حەوشی هاوبەشدا ڕێگەپێدراو نییە.

**ئاژەڵی دەستەمۆ (ناوماڵ)**

ئاژەڵی دەستەمۆ دەبێ لە دەرەوەی شوقەدا هەمیشە لەغاوی هەبێت و نابێ ببێتە هۆی بێزارکردنی کرێچیەکانی تر. پیاسەکردن بە ئاژەڵی دەستەمۆ لە نێو زەمینی موڵکەکاندا قەدەغەیە. دەبێ پیسایی ئاژەڵی دەستەمۆ کۆ بکرێتەوە و بکرێتە ناو زبڵدان.

**جگەرەکێشان لە شوقە و موڵکەکاندا**

**هەموو شوقەکان**

گەر لە گرێبەستی بەکرێداندا، ئاماژە کرابێت، جگەرەکێشان لە شوقەکاندا قەدەغەیە. تێچوونی چاککردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە هۆی جگەرەکێشان ڕوو دەدەن وەکوو تێچوونی ئاسایی خراپ بوون هەژمار ناکرێن. کرێچی دەبێ بەتەواوەتی تێچوونی زیان بە هۆی جگەرکێشانەوە بدات. گەر گرێبەستی بەکرێدان جگەرکێشان لە هەموو شوقەکانی قەدەغە کردبێت، جگەرەکێشان لە باڵکۆن و شوێنە هاوبەشەکانی تری موڵکەکانیشادا قەدەغەیە. پاش دانانی ئەم یاسایە کرێچی لەم بابەتە ئاگادار دەکرێتەوە.

**لە بینای نۆژەنکراوەدا پاش کانوونی دووهەمی ساڵ 2010**

جگەرەکێشان لە شوقە، باڵکۆن و ناوچە هاوبەشەکانی تری موڵکەکاندا قەدەغەیە. کرێچی دەبێ بەتەواوەتی تێچوونی زیان بە هۆی جگەرەکێشانەوە بدات.

**ئەو موڵکانەی کە لە مانگی کانوونی دووهەمی 2010 دا بۆ نیشتەجێبوون ئامادە کراون**

جگەرەکێشان لە شوقە، باڵکۆن و شوێنە هاوبەشەکانی تری موڵکەکاندا قەدەغەیە و شوێنی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە. کرێچی دەبێ بەتەواوەتی تێچوونی زیان بە هۆی جگەرەکێشانەوە بدات.

**پێشێلکردنی یاسا**

لەوانەیە پێشێلکردنی بەردەوامی یاسای دیاریکراو ببێتە هۆی داسەپاندنی بەرپرسایەتی زیانی گەیێندراو و /یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەکرێدان

.

ئەم یاسا و ڕێسایانە بە 12 زمانی جیاواز وەرگێڕدراونەتەوە.

سەردانی ئەم ناونیشانە بکە www.espoonasunnot.fi یان داوای کۆپیەکی بکە.